هەشت مانگ بەسەر دەستگیرکردن و هەڕەشەکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە دهۆک تەدەپەڕێت

هەشت مانگ بەسەر دەستگیرکردن و هەڕەشەکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تەدەپەڕێت.

ئەمڕۆ یەکشەممە 250 ڕۆژ ڕۆژنامەنوس سلێمان مەحمەمد ئەحمەد لەلایەن ئاسایشی دهۆک دەستگیرکراوە، دوای 211 ڕۆژ ڕاگیراو بە پارێزەرەکانیدرا سەردانی بکەن لەشوێنی دەستگیرکردنی لە دهۆک.

هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد کە خەڵکی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بۆ سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبوو گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە کارەکەی لە سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی دهۆک ڕفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پارێزەرانی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی هەشت مانگە لەلایەن ئاسایشی دهۆک بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە، بەیاریشە ئەمڕۆ یەکشەممە دوای نزیکەی هەشت مانگ لەدەستگیرکردنی بۆ یەکەمجار دانیشتنی دادگاییکردنی بۆ دەکرێت لە دهۆک.

پێشتر ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تێیدا کاری دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبارکرد بە هەڕەشەکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەتۆمەتی ناڕەوا و بەبێ هیچ بەڵگە و سەلامەتی

ئەو ڕۆژنامەنووسە خستەڕوو ئاسایشی دهۆک کە بە "ئاسایشی پارتی" وەسف کرد.